www.kurdistannet.org
28-9-2006 12:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بی کەس ... کامەران بەرزنجی

من دارێکم لە شوێنێکدا بی باران و باخەوان
بی دارستان و بەهارم بە فرمێسکی کەساسان
گەڵاکانم گشت وەریون و بە ناوی خۆم ڕیزکران
بەکزەی شەماڵ، وەرزی نەهات خونچەکانم پرووکان
تەنها لقی بی مەل بوو بۆ گەڵاکان کە گریان
هەروەها منی خەمخۆر سەرخۆشیم کرد لە یاران
ووتم هەر خۆتان خۆش بن، ئازیزان وەکو جاران
ئەوا بە ژمارەی شەهید، بە تەمەنی نەورۆزمان
خونچەو گەڵای سەوز و گەش بە چۆپی دێنە بەرمان
گەڵای زەردیش ئەبێتە کەس و کارو بەربووکیان

1987 .11 .12